# بۆ..!!؟

خاڵەبەکر
bakeramin@hotmail.com

خولیاتانە..
هیچ چاویکتان  نەکەنە سنگەرو..
ئەوی تریان بە تفەنگ..
دڵسۆزی هیچ ساڵێکتان نەخەنە گەرو..
خۆێن گەرمی هیچ ساتێکی..
بە سوێتانی تیا نەکەن بەسووتوو..!
خولیاتانە..
گەرمە ترپەی دڵی زارۆڵان..
لە دوو تویێ بەفری ئازادیا بتەزێنن..!
بۆن و بەرامەی جەستەی شەختەیان..
بە .. بەرۆکی نویێ ترین دۆزەخی..
نسکۆیا بپرژێنن..!
خو لیاتانەو چێژ وەردەگرن..
نزولەو حەسرەت گەردون هەژێن بیێ و..!
نەچێتە حزوور بونیادی پیرۆز..
خولیاتانە..
هەوێنی گروگاڵی تریقە..!
بکەنە لێوە لەرزەو قریشکە..
بۆ سەراسیمای پیرو کۆرپەلە..
خولیاتانەو چێژ وەردەگرن..!
بە باوەشی گەرمە نازی..
هیچ رێبازێکا هەڵنەزنێن..
رووەتی چرچ و لۆچ و..!
دەست و پلی کۆڵەوژی هیچ کتێبیێ رانەموسن..!
خولیاتانە....!
پاش هەموو ئاو حواردنەوەیەك..
بەرد فرێ دەنە کانیەکە..!
شادی بکەنە دەستە گوڵی ..
رەنجەرۆیی وئەشکەنجە..!
خولیاتانە....!
لە هەموو ئەلفو بایەکی سەرزاری گیان لەسەر دەستانی..
دەورو بەرتان سڵ کەنەوە ..
لێزمەی سۆزتان بۆ( هەویێ) کەم..
فرمێسکی تیمساح بیێ..!

کۆسپ بێ..

پیلان بێ..

مەینەتی بێ..

خولیاتان بێ یاخود نەبێ..!

ئاینده ئاینده‌یه‌و ..

هەر دەبێ چاوێکتان بکەنە سەنگەرو ئەوی تریان بەتفەنگ..!

خۆشتان بکەن بە سسسسوووتتتوو..!

*